# ئابوورییە وێرانبووەکەی ئێران بەهۆی جەنگەوە تا کەی دەتوانێت بەرەنگاری گەمارۆی هورمز ببێتەوە؟

جۆناسان گۆرناڵ (JONATHAN GORNALL)□ □□ی نیسانی ٢٠٢٦

ماڵپەڕی عەرەب نیوز (Arab News)

ئابوورییە وێرانبووەکەی ئێران بەهۆی جەنگەوە تا کەی دەتوانێت لەبەرامبەر گەمارۆی هورمز خۆڕاگری بکات؟
ماڵپەڕی عەرەب نیوز (Arab News) لە ڕاپۆرتێکدا لەم بارەیەوە دەنووسێت؛ تەنانەت پێش هەڵگیرسانی دوایین جەنگیش، ئێران لە کێشەیەکی قووڵی ئابووریدا بوو.

دەستبەجێ دوای جەنگی ١٢ ڕۆژەی مانگەکانی حوزەیران و تەمموزی ساڵی ڕابردوو، کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، شیکارییەکی ڕێکخراوی قازانجنەویستی سەربەخۆی فۆکەسی ئێران (Iran Focus) ڕاستییەکانی ئەوەی ئاشکرا کرد کە ناوی نابوو "ئابوورییە ئیفلیجبووەکەی ئێران."

ڕاپۆرتەکەی، ئەوەی خستە ڕوو کە لەم ساڵانەی دواییدا ئابووریی ئێران ڕووبەڕووی زنجیرەیەک "قەیرانی ئاڵۆز بووەتەوە، کە هەر یەکێکیان دەتوانێت تەواوی سیستەمێکی ئابووری تێک بدات. لە ناسەقامگیریی وزە و سزای نێودەوڵەتییەوە بگرە، تا دەگاتە سیاسەتی ناوخۆیی ناسەقامگیر و هەڵاوسانی وەستاو (stagflation)□ هەموو ئەم ئاڵنگارییانە بەتوندی زنجیرەی دابینکردن، بەرهەمهێنان و بازرگانیی دەرەکیی ئێرانیان تێک داوە."

هەروەها کاریگەرییە لاوەکییەکان بەرچاو بوون؛ بۆ نموونە، کەمیی غاز و کارەبا کاریگەریی کردووەتە سەر ئەو پیشەسازییانەی کە زۆر پشت بە وزە دەبەستن، وەک: پۆڵا، چیمەنتۆ و پترۆکیمیایی. تەنانەت پێش جەنگی ساڵی ٢٠٢٥یش، ئابوورییەکە بەهۆی سیستەمی سزاکانی نێودەوڵەتییەوە کە چەندان ساڵە بەردەوامە، زنجیرەیەک گورزی بەرکەوتبوو.

شیکاریی ڕاپۆرتە گومرگییەکان ئەوەی دەرخستووە کە تەنیا لە بەهاری ساڵی ٢٠٢٥دا، بەهای هەناردە نانەوتییەکان بە ڕێژەی ١٤,٤ لەسەد دابەزیبوو، لە کاتێکدا قەبارەی هەناردەی پترۆکیمیایی نزیکەی ٣٠ لەسەد دابەزیبوو. هاوردەکردنیش دابەزیبوو، لە کاتێکدا تەرکیزی ناچاریی ئێران لەسەر هاوبەشە بازرگانییە ئاسیاییەکان "و کورتهێنانی ١,٣٧٤ ملیار دۆلاریی لە بازرگانیی نانەوتیدا، گوشاری سەر یەدەگەکانی دراوی بیانییان زیاد کردووە و هاندەری هەڵاوسان بوون."

سەبارەت بە ڕژێمی ئێستا، فۆکەسی ئێران بەم جۆرە ئەنجامگیریی کردووە: "ئابووریی ئێران لە گێژاوی قەیرانە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا گیری خواردووە. ناسەقامگیریی وزە، سزاکان، سیاسەتە ناسەقامگیرەکان و هەڵاوسانی وەستاو، زنجیرەکانی دابینکردن و بازرگانییان ئیفلیج کردووە." دابەزینی هەناردەکردن، کەمبوونەوەی توانای کێبڕکێ و کورتهێنانی بازرگانی، نیشانەی ڕوونی داهاتوویەکی تاریکن، مەگەر ئەوەی ڕژێمەکە بە حکوومەتێک جێگە بگرێتەوە کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەل بکات."

دوایین هەڵگیرسانی جەنگ، کە لە ٢٨ی شوبات دەستی پێ کرد، کاتێک ئەمریکا و ئیسرائیل هێرشی نوێیان بۆ سەر ئێران دەست پێ کرد، دۆخەکەی زۆر خراپتر کردووە. ئێران بە شێوەیەکی کردەیی گەرووی هورمزی داخست، کە تێیدا نزیکەی ٢٠ لەسەدی وزەی جیهان تێپەڕ دەبێت؛ بەو هیوایەی ئازارە ئابوورییە جیهانییەکانی دەرەنجامی ئەمە، وەک ئامرازێک بەکار بهێنێت بۆ سەپاندنی ڕاگرتنی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل.

دوای ئەوەی دانوستانەکانی ئاگربەست لە پاکستان شکستیان هێنا، دۆناڵد ترەمپ (Donald Trump) سەرۆکی ئەمریکا ڕای گەیاند کە هێزی دەریاییی ئەمریکا گەمارۆی ئەو کەشتییانە دەدات کە دەچنە ناو گەرووەکە یان لێی دەردەچن و، گوتی مەبەست لەم هەنگاوە ئەوەیە تاران ناچار بکرێت ڕێڕەوە ئاوییەکە بکاتەوە. توانای مانەوەی ئابووریی بەرگریی ئێران، ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجوودیی بێپێشینە دەبێتەوە بەهۆی گەمارۆی دەریاییی ئەمریکا بۆ سەر گەرووەکە، کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدی بازرگانییە ساڵانەییەکەی ئێران پێک دەهێنێت کە بەهای ١٠٩,٧ ملیار دۆلارە.

لە زنجیرە پۆستێکدا لەسەر پلاتفۆرمی ئێکس (X) لە ١٢ی نیسان، میعاد مالێکی (Miad Maleki) گەورە توێژەر لە دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسییەکان (Foundation for Defense of Democracies) گوتی کە پێشبینی دەکات گەمارۆکە ڕۆژانە ٤٣٥ ملیۆن دۆلار زیانی ئابووریی تێکەڵاو بگەیەنێت، کە بەگشتی دەکاتە نزیکەی ١٣ ملیار دۆلار لە مانگێکدا.

لە کاتێکدا نەوت و غاز ٨٠ لەسەدی داهاتی هەناردەکردنی حکوومەت پێک دەهێنن، لەکارخستنی ناوەندە سەرەکییەکانی وەک دوورگەی خارگ – کە ٩٢ لەسەدی هەناردەی نەوتی خاو لەخۆ دەگرێت – بە شێوەیەکی کردەیی لە شەو و ڕۆژێکدا ڕۆژانە ١٣٩ ملیۆن دۆلار داهات سفر دەکاتەوە. ئەمەیش بارگرانییەکەی زیاتر دەبێت بەهۆی لەدەستدانی ڕۆژانە نزیکەی ٥٤ ملیۆن دۆلار لە هەناردەی پترۆکیمیایی و ٧٩ ملیۆن دۆلار لە کاڵای نانەوتی، کە هیچ جێگرەوەیەکی گونجاوی وشکانییان بۆ نییە.

لە دەرەوەی لەدەستدانی دەستبەجێی داهات، گەمارۆکە "کاتژمێرێکی کۆگەکردنی" کارەساتبار بۆ ژێرخانی وزەی ئێران دروست دەکات. بە هەبوونی تەنیا نزیکەی ٢٠ ملیۆن بەرمیل توانای کۆگەکردنی یەدەگی وشکانی و زێدە بەرهەمهێنانی ١,٥ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، تانکەکانی وڵاتەکە تەنیا لە ١٣ ڕۆژدا پڕ دەبن.

کاتێک تانکەکانی کۆگەکردن پڕ دەبن، ئێران هیچ بژاردەیەکی دیکەی نابێت جگە لە وەستاندنی هەڵهێنجانی نەوت لە هەندێک لە کێڵگە کۆنەکانی. ڕەنگە ئەمە کاتی بێتە پێش چاو، بەڵام دەتوانێت زیانی هەمیشەیی لەژێر زەویدا دروست بکات. کاتێک بەرهەمهێنان دەوەستێت، ئەو ئاوەی کە بە شێوەیەکی سروشتی لەژێر نەوتەکەدا دەمێنێتەوە، دەتوانێت بەرەو سەرەوە پاڵ بنێت بۆ ناو بیرەکە – کێشەیەک کە پێی دەگوترێت water coning.

کاتێک ئەمە ڕوو دەدات، دەرهێنانی نەوتەکە زۆر سەختتر دەبێت و، هەندێک جار مەحاڵ دەبێت، لەبەر ئەوەی لە کونیلە بچووکەکانی بەردەکەدا گیر دەخوات. دەرەنجامەکە تەنیا پچڕانێکی کورتخایەن نییە بەڵکوو لەدەستدانی هەمیشەییی بەرهەمهێنانە. لە کەیسی ئێراندا، ئەمە دەتوانێت تا ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە توانای بەرهەمهێنانی داهاتوو بسڕێتەوە – کە یەکسانە بە نزیکەی ١٥ ملیار دۆلار لە داهاتی لەدەستچووی هەر ساڵێک کە ناتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، گەمارۆکە ئابوورییەکی لە بنەڕەتدا فشەڵ بەرەو هەڵاوسانێکی لەڕاددەبەدەری کوشندە پاڵ دەنێت. لە کاتێکدا تا مانگی شوباتی ٢٠٢٦، ڕیاڵ بۆ ١,٣ ملیۆن بەرامبەر بە دۆلارێک داڕماوە و هەڵاوسانی خۆراک گەیشتووەتە ١٠٥ لەسەد، لەدەستدانی تەواوەتیی داهاتی دراوی بیانی، ڕژێمەکە بە چەند ئامرازێکی کەمەوە دەهێڵێتەوە کە بتوانێت بەکاریان بهێنێت.

ژێرخانی دەرەوەی گەرووەکە، وەکوو ڕێگەی لاوەکیی جاسک و بەندەرەکانی دەریای خەزەر، دەتوانن کەمتر لە ١٠ لەسەدی توانای تێپەڕبوونی کەنداو قەرەبوو بکەنەوە. لە کاتێکدا ڕژێم دراوی کاغەزی ١٠ ملیۆن ڕیاڵی دەردەکات کە بەهاکەی تەنیا ٧ دۆلارە، خۆڕاگریی ئابووریی درێژخایەن زیاتر و زیاتر وەک مەحاڵ دەردەکەوێت. هەروەها "گەمارۆکە بەردەوامیی بەرگری لە ڕووی ئابوورییەوە مەحاڵ دەکات." بە هەستکردن بەوەی کە ئێران ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر خۆڕاگر بێت، ئێرانییە دەستڕۆیشتووەکان داوای سازش دەکەن.

مەحەمەد جەواد زەریف (Mohammad Javad Zarif) لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز (Foreign Affairs) لە ٣ی نیسان نووسیویەتی: "بەردەوامیدان بە شەڕکردن لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل "ڕەنگە لە ڕووی دەروونییەوە قایلکەر بێت، بەڵام تەنیا دەبێتە هۆی وێرانکاریی زیاتری ژیانی خەڵکی مەدەنی و ژێرخان"، لەنێویاندا "شوێنە ژیارییەکانی دەرمانسازی، وزە و پیشەسازی." بۆ ڕێگریکردن لە تێکچوونی زیاتر، زەریف ئاماژەی بەوە کرد کە کاتی ئەوە هاتووە تاران "پێشنیاری دانانی سنوور بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی و کردنەوەی گەرووی هورمز بکات لە بەرامبەر کۆتاییهێنان بە سەرجەم سزاکان."

دابەشبوونە ناوخۆییەکانیش سەر هەڵدەدەن. لە مانگی شوباتدا ڕاپۆرتەکان سەبارەت بە درزەکانی نێو پەرلەمانی وڵاتەکە لەسەر ئابوورییە لەناوچووەکە دەرکەوتن. بەپێی ڕاپۆرتەکان پەرلەمانتارێکی ئێران، نیگەرانیی خۆی دەربڕی سەبارەت بەوەی داهاتی دراوی بیانی لە دەستی "چەند سەد هەناردەکارێکی گەورەدا" دەمێنێتەوە.

حوسێن سەمسامی (Hossein Samsami) کە ئابووریناسێکە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە نێوان ساڵی ٢٠١٨ بۆ شوباتی ئەمساڵ، دراوی بیانی بە بەهای نزیکەی ٨٥ ملیار دۆلار نەگەیشتووەتە گەنجینەی دەوڵەت. سەمسامی دەپرسێ: "ئایا بەرپرسانی جێبەجێکاری وڵاتەکە دەزانن کە ئابووری و گوزەرانی خەڵک لە ئێستادا بەرەو کوێ دەڕوات؟"

سیاسەتەکانی دەوڵەت بوونەتە هۆی "بەرزبوونەوەی لەسەدا ٣٠ بۆ ٥٠ی نزیکەی هەموو کاڵاکان، لە کەرەستەی پاککەرەوە تا دەگاتە بەرهەمە تەندروستییەکان، خواردنەوە جۆراوجۆرەکان، ڕۆنی ماتۆڕ، تایەی ئۆتۆمبێل، ئۆتۆمبێل و، کەرەستەی بیناسازی. "هەروەها سەمسامی ئاماژەی بەوە کرد کە تێکڕاکانی ئاڵوگۆڕی دراو کە بۆ ئابووریی ئێران لەبار نین، لە ڕاستیدا لەلایەن یاریکەرانی بازاڕە بیانییەکانەوە دیاری

دەکرێن، لەوانەیش سلێمانی (لە هەرێمی کوردستانی عێراق) و هیرات لە ئەفغانستان. بەپێی ڕاپۆرتەکان گوتوویەتی، تێکڕای ئاڵوگۆڕی دراوی وڵاتەکە "بە شێوەیەکی کردەیی لەلایەن چەند کەسێکەوە لە دەرەوەی سنوورەکانەوە دیاری دەکرێت و، تەواوی دەزگەی حوکمڕانی، خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت."

سەرەڕای نەهامەتییەکان، سەنەم وەکیل (Sanam Vakil) بەڕێوەبەری بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە چاتام هاوس (Chatham House) دەڵێت کە، بەدوور دەبینرێت ڕژێمەکە بە لۆژیکی ئابووری بجووڵێتەوە. سەنەم گوتی: "ئەمە پەیوەندیی بە بەردەوامیی ئابوورییەوە نییە — بەڵکوو پەیوەندیی بە مانەوەی ڕژێمەکەوە هەیە. لەبەر ئەوەی ڕژێمەکە ئەم جەنگە بە جەنگێکی بوونەکی (وجوودی) دەبینێت، هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نییە جگە لە درێژەدان بە ململانێکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، کە لە بنەڕەتدا ئاراستەی مانەوەی کۆماری ئیسلامی دەکرێن." وەکیل ئاماژە بەوە دەکات کە هەر "دەستکەوتێکی کتوپڕی" کورتخایەن لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت یان باجەکان "بەس نییە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی گەشەکردن یان جۆرێک لە وەرچەرخانی گەورە لە ئابووریی ئێراندا."

جگە لەوەیش، "تێچووی ئابووریی جەنگەکە زۆر گەورەیە، کاتێک سەیری ئەو هەوڵی ئاوەدانکردنەوەیە دەکەیت کە پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت. بێ گومان، تێچوویەکی گەورە و پووکانەوەیەک لە بەرهەمی ناوخۆییی گشتیی ئێراندا دەبێت." هەروەها جەنگەکە چەندە درێژە بکێشێت، بەدوور دەبینرێت ئێرانییەکان کردەوەکانی ڕژێمێک "ببەخشن و لەبیری بکەن" کە لە مانگی کانوونی دووەمدا وەڵامی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانی دایەوە کە بەهۆی کێشە ئابوورییەکانەوە سەریان هەڵدابوو، ئەویش لە ڕێگەی کوشتنی هەزاران کەس کە ڕژانە سەر شەقامەکان.

وەکیل لەسەر چۆنێتیی کاریگەریی جەنگەکە لەسەر داڕشتنی هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە ڕژێمەکە گوتی: "بەڕاستی زۆر زووە بۆ ئەوەی بزانین کاریگەریی ناڕەزایەتییەکان چی دەبێت." "بەڵام پێم وا نییە کە لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان ڕەنگە تووڕە بن لە چۆنێتیی بەڕێوەبردنی ئەم جەنگە لەلایەن ئەمریکاوە، ئەوە کێشە و گلەییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەسڕێتەوە. ئەو کێشە و گلەییانە هێشتا بەڕوونی لەوێن." ئەوەیشی گوت، بۆ ڕژێمەکە "گەورەترین ئاڵنگاری کاتێک دروست دەبێت کە جەنگ کۆتایی دێت، لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە، نۆژەنکردنەوە — ئەگەر تەنانەت بتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە — و ئابوورییەوە."

لە شیکارییەکدا کە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن پەیمانگەی شاهانەی خزمەتگوزارییە یەکگرتووەکان (Royal United Services Institute)ی بریتانیا بڵاو کرایەوە، گەورە توێژەر بورجو ئۆزچەلیک (Burcu Ozcelik) هاوڕا بوو لەگەڵ ئەوەی کە "تاقیکردنەوە ڕاستەقینەکە بۆ ئێران دوای جەنگ دێت." لەم شیکارەدا نووسیویەتی، وێنەی دوای جەنگ لە ئێران، "پێ دەچێت نەک تەنیا بە زیانە سەربازییەکان یان پاراستنی توانا هێرشبەرییەکان داببڕێژرێت، بەڵکوو بە شتێک کە لە کورتخایەندا کەمتر دەبینرێت." "قەبارەی زیانەکانی ژێرخانی ئابووری، قورساییی سەر بووژانەوەی پیشەسازی و، داهاتووی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە ژینگەی دارایی و بازرگانیی ناوچەیی کە یارمەتیی داوە تا ئێستا گوشارەکان لەخۆ بگرێت." زیاتریش گوتی: "دەرەنجامە ئابوورییەکانی جەنگەکە، چ ئیفلیجکەر بن یان لەژێر ڕێککەوتنێکی دانوستانکراودا، تا ڕاددەیەک پێچەوانە ببنەوە، ڕەنگە لە خودی قۆناغە سەربازییەکە لێکەوتەی زیاتریان هەبێت."

هەروەها پێ دەچێت هێرشەکانی ئێران بۆ سەر دراوسێیەکانی لە کەنداو، دەرەنجامی درێژخایەنی زۆر خراپی بۆ ئابووریی وڵاتەکە هەبێت. هەزاران بازرگان و بزنسی ئێرانی لە ئیماڕاتن و، وەکیل گوتی، "ڕۆڵی ئیماڕات بەتایبەتی، لە دابینکردنی بازاڕێکی زۆر گرنگی دووبارە هەناردەکردنەوە بۆ ئێران بۆ تێپەڕبوون لە گەمارۆ و سزاکان، بێ گومان وەک خۆی نامێنێت.

ئۆزچەلیک دەڵێت؛ "پێم وایە هیچ گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ دۆخی پێشوو (status quo) بۆ ئیماڕات نابێت و، دیسانەوە ئەمە باس لە سروشتی بوونەکیی ئەم جەنگە بۆ ئێران دەکات، کە تێیدا ناچار بوون بەڕاستی پردەکانی دوای خۆیان بڕووخێنن. "وەك خۆم، پێم وایە زۆر قورس دەبێت بۆیان، کە لەم بژاردە تۆڵەسەندنەوەیە کە بەرامبەر وڵاتانی کەنداو پەیڕەویان کردووە، بەسەلامەتی دەربچن." ئۆزچەلیک هاوڕایە لەسەر ئەوەی "یەکێک لە خێراترین بەربەستەکانی تاران لە دوای جەنگ، بریتی دەبێت لە پێویستیی چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو." ئەو گوتیشی، ئەوەی زۆر گرنگە، "ژینگە داراییەکەیە — کە بەتایبەتی لە ئیماڕات چڕ بووەتەوە — کە هێڵەکانی مانەوەی دارایی ئێرانی، سەرباری سزاکان، ئاسان کردووە."

پێش جەنگەکە، ئیماڕات ناوەندێکی سەرەکیی بازرگانیی ئێران بوو. لە نیسانی ٢٠٢٤، ئاژانسی ڕۆیتەرز (Reuters) بڵاوی کردەوە کە لە ساڵی دارایی کە لە ئاداری ٢٠٢٤ کۆتایی دێت، ئێران بڕی ٢٠,٨ ملیار دۆلار کاڵای لە ئیماڕاتەوە هاوردە کردووە؛ بەمەیش دەبێتە سەرچاوەی یەکەمی هاوردەکردنی ئێران. هەروەها ئیماڕات سێیەم گەورەترین وێستگەی هەناردەکردنی ئێران بوو، کە بە بەهای ٦,٦ ملیار دۆلار کاڵای لە دراوسێکەی لە ئەوبەری کەنداوەوە هاوردە کردووە.

ئەوەی سەرنجڕاکێشیشە ئەوەیە کە، ئەنجومەنی کارسازانی ئێرانی لە دوبەی لە ماڵپەڕەکەی خۆیدا دەڵێت کە، ئەرکییەتی "پەیوەندییە ئابووری، کەلتووری و بازرگانییەکانی نێوان ئێران و ئیماڕات بەهێزتر بکات" و "ناوبانگی ئێران باشتر بکات" لە سەرتاسەری ئیماڕاتدا. لە پاش بۆردوومانەکانی ئێران بۆ سەر دوبەی و شارەکانی دیکەی سەرتاسەری کەنداو لە مانگی ڕابردوودا، ئێستا ئەمە زیاتر و زیاتر وەک ئەرکێکی مەحاڵ دەردەکەوێت.

سەرچاوە:

https://www.arabnews.com/node/2640654/middle-east